# گەشەکردنی ئابووری نیشتمانی
# بنەمایە بۆ سەقامگیری سیاسی وکۆمەڵگای مەدەنی



*** مەهدی کاوانی ***

ئەو بارە ناهەموارەی لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین هەر لە فەسادی ئیداری وخراپبەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەلی و دزی کاری و دەوڵەمەند بوونی توێژی دەسەڵات لە سەر سامانی نیشتمانی هەتا دەگاتە بێکاری و کەمی بژێوی ژیان و لاوازی خزمەتگوزاری لە بواری پەروەردەو فێرکردن وتەندروستی و دەیان خزمەتگوزاری تر هەر هەمووی لەبەر لاوازی بنکەی ئابووری و گەشەنەکردنیەتی .دیسان پرۆسیسی دیموکراتی ،تەنویعی سیاسی، ژیانی پەرلەمانتاریزم و بە موئەسەسات کردنی بوارەکانی ژیان، فراوان کردنی بەشداری ئافرەتان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دامەزراوەکانی ترو هەنگاونان بەرەو یەکسانبوونیان بەرامبەر بە پیاوان  هەمدیسان دەگەڕێتەو بۆ ئاستی ئابووری ئەو وڵاتە . ئەو دیاردە فراوانەی تیرۆریستی ئیسلامیش کە لەو وڵاتانە بە فراوانی دەبینرێ هەمدیسان لە ڕێگای لاوازی ئابووریە چونکە لە ڕێگای لاوازی ئابووری دەرفەتی کار لە بەردەم دانیشتوانی کەمدەبیتەوەو جەیشی ئیحتیاتی بێ کاری دروست دەبێت و دەبێتە ئەداتێکی ئاسان کە بکەونە ژێر کارتێکردنی بیروباوەڕی تیرۆرستی و هەر بیروباوەڕێکی تری نامۆ .
پاش جەنگی جیهانی دووەم کوردستان وکەمە وڵاتی تری لێ دەرچێ ئەوانی تر هەر هەموویان سەربەخۆی سیاسیان وەدەسهێنا و دەولەتی نەتەوایەتیان پێک هێنا . بە نسبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە ماوەی نیو سەدەیە بەسەر سەربەخۆی سیاسیان تێ پەڕیوە نەیان توانی لە ڕووی گەشەکردنی ئابووریەوە هەنگاوی باش بهاوێن و سەقامگیری سیاسی بەخۆوە ببینن و لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆمان ڕووبەڕووی ئاماژەکەی سەرەوە ببنەوە . تەماشای عیراق بکە دەولەتێکی نەوتیەو چی بە سەرهات ، سوریا ، میسر ، لوبنان ، لیبیا ، جەزایر ، سۆدان ، تورکیا ،ئێران . پاکستان ،زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کوا سەقام گیری سیاسیان لە ناو دایە ،

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

زۆری ئەو کودەتا سەربازیانەی ناویان و باڵادەستی دامەزراوە سەربازیەکان بە سەر کارو باری وڵات هەمدیسان دەرئەنجامی ناجێگیری سیاسی و سستی ئابووریە .
باشووری کوردستان ئەگەر بیەوێ ببێتە وڵاتێک یاساو ڕیساکانی تیابەرقەڕار بێت و سەرەتاکانی پاراستنی مافی مرۆڤ پیادەبکات و سەقامگیری سیاسی و بنەماکانی دەسەڵات شوێنی شیاوی خۆی وەرگرێ لە ڕێگای گەشەکردنی ئابووریەوو دەبێت . ئەو ئەزموونەی کوردستان بە کردەی دوژمنانەی وڵاتانی دەوروبەرو باری شلەژاو و ناسەقامگیری عیڕاق و هەلوێستی دوژمنانەی بەشی هەرە زۆری پێکهاتەی سیاسیان بەرامبەر بە ئەموونەکەمان ،ئەوە وێڕای گیروگرفتە ناوخۆییەکان کە خۆی لە گەندەڵی و دەسەڵاتی حیزبی و ناڕیکی وەبەرهەمهێنان و دەیان کێشەی نالەباری تر دەنوێنێ . بەڵێ ئەگەر ئەو وڵاتە بوێرانە هەنگاوی کرداری نەهاوێژێ لە مەڕ پێشکەوتنی ئابووری و پێک هێنانی ژێرخانێکی پتەو کە بتوانێ لە ڕێگەیەوە بێکاری لە وڵات نەهێڵێ و خۆشگوزەرانی بەرینترین کۆمەڵانی خەلک بە دوایەوە دابین بکات . ئەوا بە پێچەوانەوەکەیەوە ئێمەی کورد هەر نەک دەکەوینە بەر ڕەحمەتی دەسەڵاتێکی نادیموکراتی ناوخۆمان بەلکو حکومەتەکەشمان حکومەتێکی لەرزۆک دەبێت دوژمنان بچووک ترین دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ دەتوانن بە ئاسانی لەنامان بەرن . یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بۆچی لە ب ەردەم ئەمەریکا چۆکی دا و هەڵوەشایەوە و ، زۆرەکەی مەسەلەی گەشەنەکردنی ئابووری بوو . یابان و ئەڵمانیا پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە چیان بە سەر یەکەوە ما ،ئێستاش تەماشایان بکە پلەی دووەم و چوارەمی جیهانیان لە مەڕ پێشکەتنی ئابووری وەدەست هێناوە . چین ئەگەر هەنگاوی بەرەپێشەوە چوونی ئابووری نەنێن کوا لە توانایان دا دەبوو بەو دانیشتوانە زۆرەی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن . کۆمەڵگای مەدەنی و پڕۆسیسی دیموکراتی و یەکسانی ژنو پیاو لەو وڵاتانە لە ڕووی کرداریەوە بەر قەڕارە کە گەشەکردنی ئابووریان تیادا بەرفراوانە .
هەموو هۆکارەکانی گەشەکردنی ئابووری لە کوردستان بە تایبەتی لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆمان لە گۆڕێ دایە . 17%ی میزانیەی نەوت بەو نرخە بەرزەی جیهانی کە نرخی یەک بەرمیل نەوت لە 60 دۆلاری تێپەڕاندوەو بەرزبوونەوی نرخی نەوتیش لە بەردەوامی دایە . ئەگەر بە بەرنامەیەکی تۆکمە ڕێک بخرێ و نەیەڵن بچێتە پڕۆسیسی گەندەلی و بەشە هەرە زۆرەکەی لە بواری گەشەکردنی ئابووری و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستانەوە بێت ئەوە نەک وەکو ئەوەیە کە تیایا سەر دەکەوین بەلکو دەتوانین کەرکوکیشی بەبێ بەبێ میزانیەی مەرکەز پێ ئاوەدان کەینەوە بە تایبەتی لە بواری نیشتە جێ بووندا . ئەدی سەرمایەی خەلکی ئەویش بەش بەحالی

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

خۆی زۆرەو ئەگەر ڕێچکە ڕاستەقینەکەی خۆی وەرگرێ بەشی سەدان دامەزراوی ئابووری بچووک و مام ناوەندی دەکات . ئەو سەردەمە بەوە دەخوێندرێتەوە کە فایزی نەقدی لە سەر ئاساتی جیهان زۆرە . وەبەرهێنەرانی یان خاوەنەکانی خواخوای ئەویانە شوێنێکی ئارام هەبێت و ڕووی تێ بکەن و دامەزراوی ئابووری لە سەر دانێن . کوا کۆمپانیا بیانیەکان کامەیان دەچنە بەشەکانی تری عیراق کەچی بۆ کوردستان بە کۆمەڵ ڕووی تێ دەکەن دیسان ئەگەر پلانێکی ئابووری ڕێک و پێک لەو بارەیەوە هەبێت و کارو چالاکیەکانیان بە یاسا ڕێک بخرێ و ئەو بوارە ئابووریانەیان لەبەردەم ئاواڵە کەن کە زۆرترین دەستی کاری کوردی بمژێ و بواری فێربوونی کرێکارو شارەزایانی کوردو خاوەنبڕوانامەکان فراوان بکرێ ،هەستانەوەی ئابووری بە دواوە دێت . چیاکانی کوردستان  پڕە لە کانزا جۆراو جۆرەکان لە ڕێگەیەوە دەیان کارگەی دەرهێنان و وەبەرهەمهینانی حکومی و ناوخۆو بیانی دەکەوێتێ و خێرو بێرەکەشی بۆ کورد دەبێ . ئەدی لە بواری کشت وکاڵ و ئاژەڵداری و سیاحە. ئەگەر بەڕێکی وەگەر بخرێن نەک هەریەکەیان گەنجینەیەکە بەلکو لە ڕێگایانەوە بێ کاری بە هەموو جۆرەکانیەوە بە تەواوەتی بنبڕ دەکات و بە سەدان هەزار کریکارو خاوەن پیشەکانی بەشەکانی تری کوردستان و بیانیش دەلووشێ .
زەوی کشت وکاڵی بەپیت  و سەرچاوەی فراوانی  ئاوی گەر بەکارببردرێ ئەوا نەک لە ڕێگەیانەوە هەموو پێداویستیە خۆراکیەکانی وڵات دابین دەکات بەلکو بۆ ناردنە دەرەوە شی بە قەبارەیەکی فراوان ئامادەیەو دەسکەوتێکی باشیش لە ڕێگەیەوە چەنگمان دەکەوێ ئەوە وێڕای ئەوەی دەتوانین دەیان بەنداوی ئاوی لە سەر ڕووبارو زێکانی کوردستان هەڵبەستین و بە هۆیەوە هەموو زەویە دێمیەکانمان بەراو بکەین و دەیان ویستگەی کارەبایان لە سەر دانێین و سامانێکی هەرە فراوانیش لە گۆشتی ماسی چەنگمان بکەوێ و ئەو دەریاو دەریاچانەی کە لە ڕێگاشیانەوە دروست دەکرێ ئەوەندەی تر دیمەنی کوردستان جوانتر دەکەن و بە هۆیەوە کوردستان بۆ خۆی وڵاتێکی گەشتیاریە لە بە سەقام گیر بوونی هێمنی و پەرە پێدانی ئاوەدان و دامەزراندنی دامەزراوی خزمەتگوزاری لە سەری بە ملیۆنەها خەلکی بیانی دەوروبەرو ناوخۆ ڕووی تێ دەکەن بە جوان کردنی دیمەنەکەی ئەوندەی تریش بە زیادەوە دەبێ .   دیارە ئەولەوەڕگا زۆرەی لە کوردستانیش هەیە بە هۆی زۆری باران بارینەوە بەشی بەخێو کردنی دەیان ملیۆن سەرماڵات بە هەموو جۆرەکانی دەکا . ئیمڕۆ هەر بوارێکی گەشەکردنی ئابووری لە کوردستان وەربگری دەست دەکەوی کەشێکی لە بار ئاوهەوایەکی خۆش بەو هەموو سەرچاوە مادی و بەشەریانە ئەگەر یاساو

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**دیموکراتەت و دۆزینەوەی هەلی لەبار هەبێت بۆ پێش ناکەوین و نابین بە قدوە بۆ بەشەکانی ترو تەواوی ناوچەکە .**

بەریتانیا/2007/07/17
mahdikawani@yahoo.co.uk

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image